

**دەریا ڕەواندزی**

# چۆن دەبێ لێم ئاوابی

ماندوێتیم بشۆرەوە
وەك گەڵایەکی تەزیوو
بەبێ دەنگی،
لەبەردەم بارانی توڕەیت دەوەستم
بەبێ جولە خۆم دەخۆمەوە
چەند بەرزە باڵای سنەوبەرت
لەهەر کوێ بڕوانم
بوونت هەیەو دەتبێنم.!
2
ئەوەتا... لەکەناری دەریا وەستاوم
تارمایی و دەمامکە بۆرەکان بانگم دەکەن
بێدەنگ دەبم
لەناخەوە هاوار دەکەم
بانگت دەکەم
دڵم تەنگە بۆم دەرکەوە
زەمەن بێ تۆ میلی کاتژمێرێکی وەستاوە.!
3
بەتەنیا دەڕۆم
مانگی رووی تۆم
لەجانتای سەفەرم حەشارداوە
کاتژمێرێکی شکاوم هەڵگرتوە
نامەوێ زەمەنی بێ تۆیم دیار بی
خۆری من تۆی چۆن دەبێ لێم ئاوابی.!
4
لەکام ژووری تەنیایی هەناسە دەدەی
بیکە بەزیندانی ئەبەدیم
هەر خۆم دەبم بەپاسەوان
باکت بەمەرگی من نەبێ

چونکە تەنیا تۆم خۆش دەوێ.!
5
خۆزگە دوای تۆ...
چاوێکی هەڵۆ-یم لا دەبوو
تا دەستی ڕەنگەکان بگرم و
مەشقی بینینم فێر بکا
چەند پەرۆشم بۆ بینینی
چاوەکانی تۆ!..
6
وام لەسەر هێڵێکی قەترانی
لەم لاوە خەونێکی کورتی ژیانەو
لەولاوە بێ ئەوەی هیچ کەسێک بزانێ
تا ئێرە دوا ترپە، دوا مەنزڵ
دوا پۆستی ژیانە
کە بیرم نەچێتەوە
لەدڵی مندا تەنها تۆ هەی.!
7
تاوان نیە، پەڕینەوە، بەسەر پردی ساتەکانا
بەسەر رۆحی وردبوونەوە
تا ماچێکی لە خەم و ڕسکا ئەکا
هەزاران شەو باوەشکێکی خەو دەیباتەوە
ئاسمان دەکەن بە گۆمی خوێن.
8
ژێر بە ژێر..
بە چرپەی رازی باڵندە کۆچەرییەکان
نهێنیەک لە دایک دەبێت
من نە زاری هیچ ئەشکەوت و
نە هەناسەی هیچ دەربەندێکی تەنیاییم،
پێ ناگیرێ
چۆن سەما،
لە دڵی ئاهەنگ زنجیر دەکرێ؟.!

ڕووباری مۆرلێن/کەنەدا
دەریا ڕواندزی